# جوانی لە فەلسەفەی (ئەفلاتوون)دا

چاوەڕێ نیعمەت ساڵح
(زانکۆی سۆران- فاکەڵتی ئاداب- بەشی کوردی)

ئەفلاتـوون یەکێکـە لـەو فەیلەسـووفانەی کـە لـە بۆچوونـە فەلسـەفییەکانیدا بـەوردی لەبـارەی پرسـی جوانـی دواوە. ئەفلاتـوون لـە دەقەکانـی هیپیـاس/ ئیپیاسـی مـەزن-Greater Hippias، خـوان/ میوانـی The Symposium-و فیـدروس Phaedrus- تێگەیشـتنەکانی خـۆی لەبـارەی جوانییـەوە نیشـان داوە، بـەڵام ئەفلاتـوون دەقـی هیپیاسـی مەزنـی بـە پرسـی جوانـی تایبـەت کـردووە، ئەگەرچـی ئەفلاتـوون لـە دوو دەقەکـەی تـردا باسـی بابەتـی جوانـی دەکات، بـەڵام بـە گشـتی دەقـەکان بۆ پـرس و بابەتـی تـر تەرخـان کـراون.

وەک هەمـوو دیالۆگەکانـی دی ئەفلاتـوون لـە دیالۆگـی هیپیاسـی مەزنـدا بـە دەروازەیەک دەسـت پـێ دەکات، هەمیشـە ئـەم جـۆرە دەروازانـە لای ئەفلاتـوون سروشـتێکی کلیلـی وەردەگـرن، بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگەیانـەوە خـۆی بخزێتـە نـاو ئامانجـی یەکەمـی گفتوگۆکـە (هایلنـد، ١٣٩٥: ٢٧). دیالۆگـی هیپیـاس یەکێکـە لـە دیالۆگـە سـوکراتییەکان، چونکـە ئـەوەی لـەم دیالۆگـە لەگـەڵ هیپیاسـی سۆفیێسـتایی دەکەوێتـە گفتوگۆ؛ سـوکراتە، کەوایـە یەکێـک فەیلەسـووفە و ئـەوەی تـر سۆفیسـتە.

سـوکرات لـە سـەرەتای گفتوگۆیەکەیـدا سـکالای هاوڕێیانـەی لـە هیپیـاس هەیـە و دەڵێـت: «هیپیاسـی جـوان و ژیر» (هایلنـد١٣٩٥: ٣٠)، کـە

وەک پێویست سەردانم ناکەیت، لە بەرانبەردا هیپپیاس دەڵێت: «ئەوجا بۆ دەستم بەتاڵ دەبیت» (پلاتوون، ٢٠١٨: ٥).

**١- پرسیار لە چییەتی جوانی**

سوکرات لەم دیالۆگەدا هاوشێوەی زۆر لە دیالۆگەکانی دی لە ڕێگەی دەنگێکی نادیارەوە دەیەوێت هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ بۆچوونەکانی بەرانبەرەکەی بکات، لەم دیالۆگەدا ئەو کەسە هیپپیاسی مەزنە. ئەفلاتوون خۆی دەخاتە دۆخی نواندن و باری نالەباری خۆی لە هەمبەر پرسیارێک کە ئاراستەی کراوە و نەیتوانیوە وەڵامێکی دروستی کەسەکە بداتەوە، بۆ هیپپیاسی باس دەکات.

سوکرات ڕوو لە هیپپیاس دەکات و حاڵی خۆی دەگەڵ ئەو کەسە دەگێڕێتەوە کە پرسیاری لەبارەی جوانییەوە لێ کردووە «تووشی کەسێک بووم تەنگی پێ هەڵچنیوم، لە گفتوگۆ لەگەڵیدا ویستم چەند شتێک بە ناشرین تۆمەتبار بکەم، کەچی دەرکەوت بە جوان وەسف و ستایشیان دەکەم. ئەویش پرسیاری لێ کردم، ئەوجا پێویستە بڵێم بەشێوەیەکی زۆر ناشیرینیش، پرسیارەکەشی تا ڕادەیەک ئاوا بوو: تۆ لە کوێ دەزانیت جوانی و ناشیرینی چییە سوکرات؟ ئادەی پێم بڵێ، بزانم دەتوانی پێناسەیەکی جوانیم بۆ بکەیت؟ ئەو وەهای وت و منیش چونکە لەو شتانە نازانم، تەنگم پێ هەڵچنرا و نەمتوانی وەڵامێکی شیاوی خۆمی بدەمەوە... وەک وتم لە کاتێکی زۆر باشدا بوو هاتی (هیپپیاس)، ئێستا بە باشی بۆم ڕوون بکەوە کە خودی جوانی چ شتێکە؟» (پلاتوون، ٢٠١٨: ٢٤). ئەفلاتوون پرسیاری چییەتی جوانی لە هیپپیاس دەکات و خۆی وەک ئەو کەسە بۆ هیپپیاس نیشان دەدات کە



**ئەفلاتوون**

پرسیاری لێ کردووە، بۆیە دەڵێت «ئایا هیچ کێشەیەک دەبێت من خۆم وا نیشان بدەم کە ئەو کابرایەم و کاتێک تۆ وەڵامم دەدەیتەوە من وەک ئەو بەرپەرچی قسەکانی تۆ بدەمەوە و دژت قسە بکەم، بۆ ئەوەی تا چەندی پێت دەکرێت ئەوەندە بە باشی فێرم بکەیت، ئەگەر بەلاتەوە ئاسایی بێت، دەڵێم با من بەرپەرچت بدەمەوە بۆ ئەوەی زۆر بە پراکتیکی فێری ئەو زانینە بم کە دەمدیتێ» (پلاتوون، ٢٠٢١٨: ٢٥). هیپپیاس بە داواکەی سوکرات (ئەفلاتوون) ڕازی دەبێت، دواتر سوکرات دەست بە پرسیارکردن دەکات و دەڵێت: «بەهۆی داناییەوە هەموو داناکان دانان و بەهۆی چاکەیشەوە هەموو چاکەکان چاک، ئایا وانییە؟. هیپپیاس: وایە، چۆن وانییە؟ سوکرات: ئەوانەش بەدڵنیاییەوە شتانێکن کە هەن، چونکە بەپێی وەڵامەکانمان بێت ناکرێت بڵێین شتانێکن کە نین. هیپپیاس: بەدڵنیاییەوە شتانێکن کە هەن. سوکرات: هەروەها هەموو جوانەکانیش بە بۆنەی جوانییەوە جوانن. هیپپیاس: بەڵێ بە بۆنەی

جوانییەوە.» (پلاتـوون، ٢٠١٨: ٢٦).

**٢- سـوکرات و بەڵگەسـازی بۆ هەڵوەشاندنەوەی چ شـتێک جوانە**

لـەو پەرەگرافەدا سوکرات دەیەوێت پێوانەسـازی بـکات بـۆ ئـەوەی سـەرەتایەکی ئەرگیۆمێنسـازی بـۆ پرسـیاری چییەتـی جوانـی دابمەزرێنێـت، بـەڵام هیپیـاس پێچەوانـەی سـوکرات دەیەوێـت سوکرات بخاتـە دوای پرسیاری چ شتێک جوانـە، نـەوەک جوانی چ شتێکە، ڕاستییەکەی ئـەم دوو دەربڕینـە لەگـەڵ یـەک تـەواو جیاوازییـان هەیـە، ئـەوەی یەکـەم پرسـیار لـە چییەتـی جوانییـە، ئەوەی دووەم پرسیار لـە شتە جوانـەکان دەکات.

لـە گفتوگۆکـەدا هیپیـاس جیـاوازی لەنێـوان دوو دەربڕینەکـە ناکات، بەڵکوو پێی وایـە یـەک شـتە، بۆیە سوکرات دەڵێت: «سـەیرکە هـاوڕێ باشـەکەم: پرسـیاری ئـەوەت لـێ ناکـات کـە چ شـتێک جوانـە، بەڵکوو جوانـی چ شـتێکە؟ هیپیـاس: جـا چ جیاوازییەکیـان هەیـە؟ سوکرات: واتـە تـۆ وا خەیاڵ دەکەیت، کـە لـە هیـچ شـتێکدا جیاوازییـان نییـە؟» (پلاتـوون، ٢٠١٨؛ ٢٧).

لـە قۆناغـی یەکەمدا هیپیاس دەیەوێت ئاراسـتەی وەڵام بـەرەو شـتە جوانـەکان ببـات، بـۆ ئـەوەی جوانـی فێـری سـوکرات بـکات، بـەڵام سـوکرات لەسـەر ئـەوە سـوورە کـە دەبێـت جیـاوازی لـە نیوان چ شتێک جوانە و جوانی چ شتێکە بکەین، دواجار هیپیاس ئـەوە قبـووڵ دەکات هـەوڵ بـدەن وەڵامـی ئـەو پرسیارە بدەنـەوە کـە جوانـی چییـە، بۆیە هیپیاس چەند نموونەیـەک دەهێنێتەوە وەک ئـەوەی کچێکـی جـوان شـتێکی جوانـە، بۆیـە لـە پرسـیاری دوای ئەمـە، سـوکرات دەڵێـت: هـاوڕێ باشـەکەم دەزانم کاتێـک ئـەو قسـەیە بـەو کەسـە دەڵێـم دڵنیـام پرسـیاری ئـەوەم لـێ دەکات و دەڵێت: «ئـادەی سـوکرات وەڵامـم بـدەوە بابزانـم هەمـوو ئـەو شـتانەی پێـی دەڵێیـت جـوان، ئایـا دەتوانـن جـوان بـن تەنیـا بەهـۆی ئـەوەی خـودی جوانییـەوە، یـان نـا، منیـش وەڵامـی دەدەمـەوە و دەڵێـم: ئەگـەر کچێکـی جـوان شـتێکی جـوان بێـت، کەوایـە شـتێک هەیـە کـە بەهۆیـەوە هەمـوو شـتەکانی تـر دەتوانـن جـوان بـن» (پلاتـوون، ٢٠١٨: ٢٨)، سـوکرات بـە بەردەوامـی دەیەوێـت بەمیتـۆدی پرسـیاریی ئەرگیۆمێنتـی هیپیـاس بـۆ چییەتـی جوانـی هەڵبوەشـێنێتەوە، چونکـە هیپیـاس هێشـتا نەیتوانیـوە خـۆی لـە تەڵـەی جوانـی چییـە و چ شـتێک جوانـە ڕزگار بـکات، بۆیـە سـوکرات کار لەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی ئەرگیۆمێنتەکـەی ئـەم دەکات، دواتـر سـوکرات نموونـەی زیاتـر لەسـەر فۆرمـی ڕسـتەی کچـی جـوان، شـتێکی جوانـە دەهێنێتـەوە، دەڵێـت: ئەسـپێکیش کـە جوانـە، شـتێکی جوانـە، هەروەهـا ئـەو قۆرییـەی کـە لـە کەرستەیەکی بـاش دروست کرابێـت، شـەوق بداتـەوە و خـڕ بێـت و بەباشـی لـە ئاگـردا سـوورکرابێتەوە... ئەگـەر پرسـیاری قۆرییەکـەش بـکات دەبێـت قبووڵـی بکەیـن کـە جوانـە، چـۆن دەتوانیـن کـە خـۆی جوانـە، پێـی نەڵێیـن جوانـە؟ (پلاتـوون، ٢٠١٨: ٣٠).

هیپیـاس بەناچـاری ئەمـەش قبـووڵ دەکات کـە کچەکـە، ئەسـپەکە و قۆرییەکـە جوانـن، بـەڵام دواتـر سـوکرات ئـەم تێگەیشـتنەی هیپیـاس دەخاتـە ژێر تێگەیشتنێکی ڕەخنەییـەوە و دەست بـە هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو شـتە دەکات هیپیـاس لـەو دیالۆگـەدا بنیـادی نـاوە، بۆیـە سـوکرات لـە دەمـی کەسـە نادیارەکـە (ئـەو کەسـە ئەفلاتـوون خۆیەتـی) بـە ڕێگەی پرسیارەوە دەست بـەو کارە دەکات، بۆیـە بـە هیپیـاس دەڵێـت: «ئـەو کەسـە دڵنیـام ئـەو جـۆرە پرسیارەم لـێ دەکات» ڕاسـتە کـە جوانترینـی مەیموونـەکان ناشـیرینە، ئەگـەر

بێیت و لە پاڵ مرۆڤێکدا دایبنێیت، هەروەک هیپپیاسی داناش دەڵێت: جوانترینی قۆرییەکان ناشرینە، ئەگەر بێیت و لە پاڵ کچەکاندا دایان بنێیت؟ وانییە هیپپیاس؟ «... ئەوە تۆ ئێستا وتت چی سوکرات ئەگەر یەکێکیش کچەکان لە پاڵ خواوەندەکاندا دابنێیت ئایا تووشی هەمان ئەو داماوییە نابن کە قۆرییەکان لە پاڵ کچەکاندا تووشی بوون؟ ئایا جوانترین کچ لە پاڵ خواوەند ناشیرین دەرنەدەکەوت؟» (پلاتوون، ٢٠١٨: ٣١).

سوکرات دەیەوێت ئەو بەڵگەسازییەی هیپپیاس بۆ خودی جوانی بەرهەمی هێناوە بخاتە ژێر گومانی ناجێگیری، چونکە ناکرێت، هەبوویەک لە یەک کاتدا هەم جوان و هەم ناشیرین بێت، هەروەها ناکرێت کاتێک هەبوویەکی جوان بخەیتە پاڵ هەبوویەکی تر، ئەوە خۆی بوونی جوانیی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە لەگەڵ عەقڵی لۆژیکی یەک ناگرێتەوە، چونکە سوکرات بیری هیپپیاس دەهێنێتەوە کە پرسیاری ئەو کەسە ئەوە بوو جوانی چییە، کەچی تۆ باسی شتێکم بۆ دەکەیت، وەک ئەوەی خۆت دەڵێیت چەندە جوانە، ئەوەندەش ناشرینە، بۆیە سوکرات لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: ئەو کەسە لێم دەپرسێت ئەگەر لەسەرەتادا لێم پرسیبایت چ شتێک جوان و چ شتێک ناشیرینە ئەوە وەڵامێکت پێ دەدەمەوە، بەڵام ئەگەر داناکان بەهۆی داناییەوە دانا بن و دانایش هەبێت، ئەوە دەبێت شتە جوانەکانیش بەهۆی جوانییەوە جوان بن، کەوایە شتێک هەیە ئەگەر بکرێتە هەر شتیکەوە ئەو شتە بەهۆیەوە جوان دەبێت، کەوایە ئەو شتە چییە کە بەهۆیەوە شتەکان جوان دەبن؟ سوکرات (ئەفلاتوون) وەک ئەوەی لە تەواوی فەلسەفەکەی خۆیدا باوەڕی بە نەگۆڕ و جێگیری هەیە، لە بەرانبەردا سۆفیستاییەکان لە مامۆستاکەیانەوە کە پرۆتۆگۆڕاسە، پێیان وایە هەموو شتێک ڕێژەییە و لە گۆڕاندایە، بۆیە نموونەکان هیپپیاس بۆ پرسی جوانی تایبەتمەندی ڕێژەیی و گۆڕاوییان هەیە، بەڵام ئەفلاتوون بەدوای نەگۆڕ و هەمیشەییەوەیە، هەر لەبەر ئەوەیە سوکرات لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئاماژەیەک لەبارەی چییەتی جوانی دەخاتەڕوو، پێی وایە کە جوانی خاوەنی بوونێکی سەربەخۆیە، بۆیە دەڵێت: «ئەو شتەی کە هەموو شتەکانی تری پێ ڕووپۆش دەکرێت و دەڕازێتەوە، کاتێک ڕێژەیەک لەو شتە دەکەوێتە هەر شتێکی ترەوە، ئەوە جوانیان دەکات» (پلاتوون، ٢٠٢١٨: ٣٢).

**٣- سوکرات و بەڵگەسازی بۆ هەڵوەشاندنەوەی بۆ چ شتێک جوانە**

**١- ٣- پێوەندی جوانی و گونجان (هارمۆنییەت)**

دوای ئەوەی سوکرات توانی ئەو تێگەیشتنەی لای هیپپیاس بەرهەم بێنێتەوە کە جوانی سروشتێکی سەربەخۆی هەیە، هەروەها بخرێتە هەر شتێکەوە ئەوە ئەو شتە بەهۆیەوە جوان دەبێت. هیپپیاس پێی وایە هەر شتێک ئەگەر ئاڵتوونی تێ بکرێت و بە ئاڵتوون ڕازایەوە ئەوە جوان دەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر پێشتریش ناشیرین بووبێت. سوکرات بۆ ئەوەی گومان بخاتە سەر ئاڵتوونەکەی هیپپیاس، پەنا بۆ کارەکانی پەیکەرتاشی مەزنی یۆنانی فیدیاس دەبات، لە کاتێکدا فیدیاس چاوەکانی پەیکەری خواوەندی ئەسینای کچی (زیۆس)ی لە ددانی فیل دروست کردووە، نەک لە ئاڵتوون، نە ڕووی، نە دەستی، نە قاچی لە ئاڵتوون دروست نەکردووە، هەروەها دیوی ناوەوەی چاوەکانی لە

ددانی فیل دروست نەکردووە، بەڵکوو تەنیا لە بەرد دایتاشیون، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کە فیدیاس بۆ ئەوە زۆر گەڕاوە، تا بەردەکان لە ددانی فیل بچێت. بۆیە سوکرات دەپرسێت: «تۆ بڵێیت بەردێک کە جوان بێت، شتێکی جوانە؟ ئایا ئەوە قبوڵ بکەین هیپیاس؟. لەو کاتەدا هیپیاس دەڵێت: قبووڵی دەکەین، ئەوەندە بەسە کە بگونجێت.

سوکرات: ئەو کاتەش کە نەگونجێت، بۆ هەموو ئەوانەی تر کە باست کردن گوایە ئەگەر ئەوەیان بۆ زیاد بکەیت ئەوە جوان دەبن... ئایا تۆ پێت وایە گونجان جوانی بێت» (پلاتوون، ٢٠١٨: ٤٧)، لە بەرانبەردا هیپیاس پێی وایە کە گونجان لە هەر شتێکدا بێت، دەبێتە هۆی جوانی ئەو شتە، سوکرات لە ڕێگەی دەنگە نادیارەکەوە بە ڕێگەی پرسیارێکەوە دەست بە هەڵوەشاندنەوەی ئەرگیۆمێنتەکەی هیپیاس دەکات، بۆیە دەپرسێت «ئایا ئەوەی پێی دەڵێین گونجان ئەو شتەیە ئەگەر بخرێتە سەر هەر شتێک وا لە شتەکە دەکات جوان دەربکەوێت، یان وای لێ دەکات جوان ببێت؟

هیپیاس پێی وایە کاتێک کەسێک جلێکی جوان دەبەر دەکات و پێڵاوێکی جوانیش دەبەر دەکات کە بەیەکەوە دەگونجێن، ئەوە کەسەکە زۆر جوانتر دەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر پێشتر هی ئەوەش بوو بێت کە تێر پێی پێکەنیت. بەم پێیە بێت گونجان دەبێتە هۆی ئەوەی شتەکان جوانتر لەوەی هەن دەربکەون، بۆیە ئەفلاتوون گونجان وەک فریدەر سەیر دەکات، چونکە ئەوەی وا لە شتەکان دەکات جوانتر لەخۆی دەربکەون، ئەوە شتەکە لەخۆیدا جوان نییە، بەڵکوو بەهۆی گونجانەوە جوان دەبینرێت، کەوایە گونجان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێگە نادات شتەکان کتومت وەک خۆیان دەربکەون.

بەلای سوکراتەوە ئەستەمە ئەو شتەی لەخۆیدا جوان بێت، توانایی جوان دەرکەوتنی نەبێت، بۆیە لە کۆتایی پرسی جوان و گونجاندا ئەفلاتوون دەڵێت «گونجان ئەگەر ئەوە بێت کە شتەکان جوان دەکات، ئەوە جوانی دەبووە ئەو شتەی کە ئێمە بە شوێنیدا دەگەڕێین، بەڵام بێگومان ئەوە نا کە وا لە شتەکان دەکات جوان دەربکەون (پلاتوون، ٢٠٢٨: ٤٧.)

**٢-٣- پەیوەندی جوانی و چاکە (سوودبەخشی)**

دوای ئەوەی سوکرات و هیپیاس لە پەیوەندی نێوان جوانی و گونجان دەگەنە ئەنجامگیرییەک کە جوانی و گونجان دوو شتی جیاوازن، ئەوە لە پێناسەی پێنجەمدا هەردووکیان گفتوگۆ لەبارەی جوانی و چاکەوە دەکەن.

بێگومان لە سیستمی فەلسەفیی ئەفلاتووندا فۆرمە باڵاکان سادەن، نەوەک لێکدراو، بۆیە لە سیستمی فەلسەفیی ئەفلاتووندا «جوانی فۆرمێکی سەربەخۆی هەیە، وەک هەریەک لە چاکە، دادوەری، ئازایەتی و...تاد. بەدیدی هیپیاس جوانی لە چاکەوە لەدایک بووە، بەڵام لێرەوە پرسیارێک دروست دەبێت: ئەگەر جوانی لە سوود/ چاکە بکەوێتەوە، ئەوە چۆن دەبێت ئەوەی هۆکار و ئەو شتەی کە هۆکارەکەی هۆکارێکە دوو شتی جیاواز بن؟ (قهی، ١٣٩٧: ١٢) ئەگەر جیاوازن، ئەوە یەک شت نین، چونکە نە باوک کوڕە، نە کوڕیش باوکە، هەروەها ئەگەر سوودی هەبێت دەبێت فۆرمێکی سەربەخۆی هەبێت، چونکە لەناو سیستمە فەلسەفییەکەی ئەفلاتووندا شتێک بەناوی تێکهەڵکێشکردنی فۆرمەکان نییە، هەموو فۆرمەکان سادە و سەربەخۆن، بەڵام

کاتێک دوو فۆرم بەناوی جوانی و چاکە لەیەک دەدرێن، ئەوە بەدیدی ئەفلاتوون پێوەندی بە دنیای هەندەکییەوە هەیە، کە مرۆڤ دەستی لە دروستکردنیدا هەبووە، نەک دنیای هەمەکی، کەوایە ئەگەر دانا لە داناییەوە و سوودبەخش لە سوودبەخشییەوە و چاکەش لە چاکییەوە هاتبێت، ئەوە جوانی لە جوانییەوە هاتووە (کەمال:٢٠١٠: ٢٧٣).

بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین جوانی، دادوەرییە، یان چاکەیە، چونکە لە سیستمی فەلسەفی ئەفلاتووندا دادوەری و چاکە دوو فۆرمی جیاواز و سەربەخۆن و نابن بە جوانی، بەڵام کاتێک شتێک لە یەک کاتدا هەم جوان و هەم باش بێت، ئەوە واتای ئەوە نییە کە جوانی، چاکە، یان بە پێچەوانەوە، بەڵکوو ئەو شتە جوانی و چاکەشی بەخۆیەوە گرتووە، بۆیە لە کۆتایی پێناسەکەدا سوکرات دەڵێت: «نە جوانی باشەیە و نە باشەش جوانییە» (پلاتوون، ٢٠١٨: ٥٨)، بەڵکوو هەر یەکێکیان سەربەخۆی خۆیان هەیە. ئەفلاتوون لە فەلسەفەکەی خۆیدا پێی وایە هیچ فۆرمێکی ئایدیاڵی بە خراپ و ناشیرینی لە جیهانی ئایدیاڵ نییە، بەڵکوو هەموو فۆرمێکی خراپ لە دەرەوە جیهانی ئایدیاڵ دادەنێت، چونکە پێی وایە جیهانی هەمەکی کە شوێنی فۆرمە باڵاکانە، پاک و بێگەردە.

### ٣-٣- پێوەندی جوانی و چێژ (چێژبەخشی)

لە دوایین پێناسەدا هیپیاس لە هەوڵدایە کە جوانی و مەعریفەی هەستەکی بەیەکەوە گرێ بداتەوە، بۆیە پێی وایە جوانی و چێژ یەک شتن، بەڵام بۆ هیپیاس ئەو چێژە لە رێگەی بیستن و بینینەوە دەبینێتەوە، بە واتایەکی تر هەر شتێک ببێتە مایەی چێژ بۆ هەستی بینین و بیستن، ئەوە وەک لای هیپیاس وەک جوانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەرچی مەعریفەی هەستەکی لە پێنج هەستەکانەوە (بینین، بیستن، بۆنکردن، دەستلێدان، تامکردن) سەرچاوە دەگرن، بەڵام بەبێ ئەوەی بنەمایەکی لۆژیکی هەبێت، هیپیاس تەنیا ئەو چێژانەی بۆ بینین و بیستن فەراهەم دەبن بە جوان دادەنێت. بەشێوەیەکی گشتی لە جیهانبینیی فەلسەفیيانەی ئەفلاتووندا، جوانی و چێژە جەستەییەکان یەک ناگرنەوە، چونکە ئەفلاتوون جوانی دەباتە جیهانی باڵا، لە کاتێکدا چێژە جەستەییەکان دەکەونە ناو سنوورەکانی جەستەوە.

### سەرچاوەکان:


پلاتوون (٢٠١٨)، هیپیاس، و: بەختیار فەرەج، چاپی یەکەم، چاپخانەی؟ سلێمانی.

کەمال، محەمەد (٢٠١٠)، فەلسەفەی ئەفلاتوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

قهی، دکتر حسن بلخاری (١٣٩٧)، در باب زیبایی، زیبایی شناسی در حکمت اسلامی و فلسفه غربی، چاپ اول، انتشارات دانیشگاه تهران.

هایلند، درو (١٣٩٥)، زیناشناسی افلاطون (پرسا از زیبایی)، ترجمە: عبدالله سالاروند، چاپ اول، چاپ و صحافی سروش، تهران.